www.kurdistannet.org

سپێدە

شێخ شەریف / ئەڵمانیا

سپێدەیە و کزەبا چاوەکانم گرژدەکات و
دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی بێزاری لێدەتکێ
سەرمایەکە
باوەڕ ناکەم مەگەر بەمردنم
ئەو بەستەڵەکیە بشکێ
هەرسەر سمەو یا ئەڵایە و من نەکەوم
لەودەمەوەی لەدایک بووم
هەر لەم ووڵاتە ئەوەندە تامەزرۆی خەو بووم
ئای بۆ ڕۆژانی منالیم
کەنیوەشەو لەخەو هەڵیان دەساندم و
بەرەو دوکان دەکەوتمە ڕێ
وەنەوزم دەدا
تادەگەیشتمە ئەوێ چەند جار دادەچڵەکیم لەڕێ
تەشتێ ناوساجیم لەسەرسەرم دادەناو
بەرەو مەیدانی کرێکارەکان ملم دەنا
لەڕاستە بازاڕی پێش مەزاتخانەکە
چەند جار بۆ پشوو تەشتەکەم دادەنا
ئای حەوزە ووشکەکەی ناو چەقی بازاڕی سلێمانی
کەبەڕۆژ چەند سەرجەجاڵ بووی
بەونیوەشەوە خامۆشە
بۆ من وەک دونیایەکی ساماناک بووی
دواتر لای مامحەمەمینی چایچی
نزیک باڵەخانەکەی تۆفیق قەزاز
لەسەر پارچەکارتۆنێ
کزۆڵەم دەکرد

www.kurdistannet.org

وورده ووردە کرێکاران
چایان دێنا و ناوساجیان بابۆڵە دەکرد
تابەیانی ڕۆژ دەبووەوە
تاخواپێداوان لەشیرینی خەو دەبوونەوە
کردەی من بوو ، ئەم هاتوچۆیەم دووبارە دەبووە
ئەوسا بەرەو ماڵ دەبوومەوە
پەرتووکەکانم دەبردوو لە پۆلەکەمان دادەنیشتم
کەماموّستام لەوەنەوز ڕای دەچڵەکاندم
خەم و بێزاری خۆی پێ دەڕشتم
لەسەرەتای دەمخوێنند وپلەی وانەکانم باش بوو
لەپێنج شەمان
بۆ سروودی ئەی ڕەقیب دەنگم دلێر و هەراش بوو
تەنها ڕۆژی هەینی
وەک هاوەڵەکانم گەربخەوتمایە
یالەگەڵ هاوڕێکانم بەدڵی خۆم هەڵگێڕانەو مزراحێنم
بکردایە
لەپڕ شیرازەی ئەو یادە خۆشەیان پچڕاندم
بەدەنگی وەستانی شەمەندە فەرێ
کەدەبوایە پێی بچمە کار ڕای چڵەکاندم